یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٧٥) - دوو شەممە ٢٠١٢/١/٣٠ ز - ساڵی حەفدەهەم

١٠ی (ڕێ بەندان)ی٢٧١١ی کوردی- ٦ی (ربیع الاول)ی ١٤٣٣ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە



4 جەوهەری ئیسلام چاکەخوازی و چاکسازییە

6 یەکگرتوو دور لە کورسی دەسەڵات، نزیک لە خەمەکانی خەڵک

7 هیوایەکی زۆر هەیە لە دادگا نێودەوڵەتیەکان ببیەینەوە

13 لەبارەی (کۆمەڵەی دەعوە و ئیسڵاح)ی ئێرانەوە

لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا، پاشکۆی ڕۆژنامەی یەکگرتوو تایبەت بە پەیامی (مامۆستا سەلاحەدین ـ ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان)، تایبەت بە گەنجان بەناونیشانی (گەنج لە کاروانی یەکگرتوودا) بڵاوکراوەتەوە..

«کاک نێچیرڤان باش دەزانێت زەمینەسازکردن بۆ سەردان و گفتوگۆ لەگەڵ یەکگرتو چۆن دەبێت»

وتەبێژی یەکگرتوو ڕایدەگەیەنێت کە یەکگرتوو دەرگای گفتوگۆی دانەخستووە و داشی ناخات، چونکە باوەڕی تەواوی بە گفتوگۆ هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان..

دوای ئەوەی کە کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم سەردانی هەردوو پارتی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، کۆمەڵ)ی کرد، ووتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو ووتی: « تائێستا داوای کۆبوونەوەمان لێ نەکراوە، هەر کاتێک ئەوان بە فەرمی داوایان کرد، ئێمەش دوای تاوتوێکردن بە فەرمی وەڵامیان دەدەینەوە«.

دەربارەی ئەوەش کە نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی سەبارەت بە چارەسەری کێشەی بادینان ئەوەی ڕاگەیاند کە یەکگرتوو هەموو دەرگاکانی گفتوگۆی داخستووەو نازانین لە چ ڕێگەیەکەوە کێشەکان چارەسەر بکەین، لەبەرامبەردا (د.سەلاحەدین بابەکر ـ ئەندام و وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو) بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو ڕایگەیاند» یەکگرتوو دەرگای گفتوگۆی دانەخستووە و داشی ناخات، چونکە باوەڕی تەواوی بە گفتوگۆ هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکان، بەڵام هەموو لایەک دەزانن کە گفتوگۆ بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، پێویستە زەمینەسازی بۆ بکرێت، ئایا کاک نێچیرڤان لە پارتی پرسیوە چ زەمینەسازییەکی کردووە بۆ سەردان و گفتوگۆ لەگەڵ یەکگرتوو، ئایا بەڕێزیان ئاگادار نییە کە تا ئەو ساتەوەختە بارەگا سووتاوەکەی مەڵبەندی یەکگرتوو لە شاری دهۆک لە ژێر دەستی هێزی چەکدارایە«.

لەوەڵامی ئەوەی کە کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وتبووی «نازانین لە چ ڕێگەیەکەوە کێشەکان چارەسەر بکەین»، د.بابەکر ڕایگەیاند «ئێمە پێمان وایە کە کاک نێچیرڤان دەزانێت کێشەکە چۆن چارەسەر دەبێت و، باشیش دەزانێت زەمینە سازکردن بۆ سەردان و گفتوگۆ لەگەڵا یەکگرتوو چۆن دەبێت».

سبەینێ یەکێتی کاندیدای جێگری سەرۆکی حکومەت دیاری دەکات

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ هەریەک لە (حاکم قادر حەمەجان) و (عیماد ئەحمەد) دوو کاندیدای بەهێزن بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، ئەوانیش ڕایدەگەیەنن کە هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە..

لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو حاکم (قادر حەمەجان) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وتی: «ئەگەری هەیە کە سبەینێ سێشەممە بە ئامادەبوونی مام جەلال کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی ئەنجام بدرێت بۆ دیاریکردنی کاندیدای یەکێتی بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت، پاش ئەوەش ناوەکە ڕادەگەیەنرێت». لەلایەکی ترەوە (عیماد ئەحمەد) کە یەکێکە لەو ناوانەی ئەگەری هەیە ببێتە جێگری سەرۆکی حکومەت لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کە زمانحاڵی حیزبەکەیەتی دەڵێ کە «دەبێت یەکێتی کەسێک بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت دیاری بکات کە چوار دەنگی بۆ زیاد بکات نەک دەنگی لێ هەڵوەرێنێ».

بەپێی هەندێک سەرچاوە هەریەک لە حاکم (قادر حەمەجان و عیماد ئەحمەد) دوو کاندیدای بەهێزی یەکێتین بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت. زیاتریش باس لەوە دەکرێت کە کاندیدی ئەو پۆستە لە مەکتەبی سیاسی حیزبەکەدا نایەتە خوارەوە.

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو و باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کۆبوونەوە.. ل٢

کەمترین ڕێژەی باران لەهەرێمی کوردستان، لەپارێزگای هەولێردا باریوە..ل٢

«حیزبی دەسەڵاتدار ئاڵوگۆڕی سەرۆکی حکومەت بە دەرفەت دەزانێ بۆ بە هەدەردانی پارەی میللەت»

یەکگرتوو/ تایبەت

لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕی حکومەتی هەرێمدا دوور لە ڕێنماییەکان پارەو پلە دەبەخشێرێتەوە، پەرلەمانتاریکیش ڕایدەگەیەنێت لە هیچ برگەوە ماددەیەکی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا نییە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیمتیازات بە سەر چەند خەڵکێک دابەش بکات..

دوای ئەوەی لە سەر ئەوەی لەم چەند ڕۆژەدا کە لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕی حکومەتی هەرێم لە نێوان یەکێتیو پارتی، بە شێوەیەکی خێراو دوور لە ڕێنماییەکان پارەو پلە دەبەخشێرێتەوە، هاوراز خۆشناو پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی یەکگرتوو ڕاگەیاند، کە ماوەی چەند ڕۆژێکە لە ناو حکومەتو پەرلەمان بەدەر لە ڕێنمایی دەستکراوە بە بەخشینەوەی پارەو پلە، بە تایبەتی لە ناو پەرلەمانی کوردستان کە وەکو بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری کەچی پەرلەمان لە لایەن لیستی زۆرینەی حیزبەوە کراوەتە کاری نایاساییو گەندەڵی، ناوبراو ڕوونی کردەوە لە هیچ برگەوە ماددەیەکی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان نییە کە دەسەڵات بداتە سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکایەتی پەرلەمان پارەو ئیمتیازات بە سەر چەند خەڵکێک دابەش بکات

هاوراز خۆشناو گوتی: «ئەگەر بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی بێت ئەوا بە گوێرەی یاسای و خزمەتو ئیستیحقاقی کەسەکە دەبێت نەک لەسەر بنەمای میزاجی شەخسی و حیزبی».

سەبارەت بە هەواڵی میدیاکان تایبەت بە بەخشینەوەی ئیمتیازاتو پارەو پۆست بە چەندین کارمەندو فەرمانبەری پلەی جیاواز پەرلەمان، کە خۆی لە پارەیەکی زۆردا دەبێتیەوەو، هەیانە دەگاتە ١٦ دەفتەر دۆلار، پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی یەکگرتوو گوتی: «ئێمەش نازانین لە سەر چ بنەماو یاسایەک ئەو کارانە دەکرێتو بەخشینەوەی پارەو ئیمتیازاتیش لەم کات و ساتەدا مانای ئەوەیە حیزب بە دەرفەتی زانیوە کە پارەو سەروەتو سامانی گشتی بە هەدەر بدات»، ناوبراو بە پێویستی زانی کە حورمەتو شکۆی پەرلەمان لە لایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە بپارێزرێت، چونکە پەرلەمان سەرچاوەی چاودێری و یاسادانانە کەچی ئێستا گەندەڵی لە ناو پەرلەمان ئەنجام دەدرێت.

پەرلەمانتاریک: سیستمی فەرمانڕەوایی نەگۆڕێ، حکومەتی داهاتوو سەرکەوتوو نابێ

بۆ پێشوازی یادی مەولودی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، هەرێمی کوردستان خۆی دەڕازێنێتەوە..

دڵشاد شەهاب دەڵێ: «پێکهێنانی حکومەت هیچ پەیوەندی بە ساڵڕۆژی (١٧)ی شوباتەوە نییە».

(دڵشاد شەهاب) جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر لیستی پارتی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو دەنگۆی پێکهێنانی حکومەت تا (١٧)ی شوبات ڕەتدەکاتەوە، «پێکهێنانی حکومەت هیچ پەیوەندی بە ساڵڕۆژی (١٧)ی شوباتەوە نییە« شەهاب وای وت.

لەبارەی ئەدای حکومەتی داهاتوو بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی ئەو پەرلەمانتارەی پارتی گەشبینە: «»ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کەوا کابینەیەکی سەرکەوتووبێت».

(حەمە سەعید حەمە عەلی)یش کە پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆنە لەسەر لیستی یەکگرتوو، بەپێچەوانەوە وای نابینێت کابینەی داهاتوو جیاوازیەکی ئەوتۆی هەبێت لەگەڵ کابینەی ئێستا، چونکە کێشەکان پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەکەسەکانەوە نیەو لەوبارەوە ووتی: «کاتێک کاک نێچیرڤان سەرۆکی حکومەت بوو هەمان ئەو کێشانە هەبوو کە ئێستاش هەن هەر لە گەندەڵی، واستەکاری، مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، بۆیە من پێم وایە تا گۆڕانکاری لە سیستەم و عەقڵیەتی فەرمانڕەوایی نەکرێت، کابینەکە سەرکەوتوو نابێت»... بۆ ل٣